ڕووداو
# ئەدەب و کولتوور
ژمارە (19) دووشەممە 2017/5/15
email: bijar.hekim@rudaw.net
www.rudaw.net

ژمارەی داهاتوو:
» دلاوەر قەرەداغی، پشکۆ نەجمەددین و بەختیار حەمەسوور لە تەوەرێکدا
» ڕەخنەی هونەری

## ئەحلام موستەغانمی:
# چیدی ناڵێم جەزایریم





ئا: ئەدەب و کولتوور

ژنە ڕۆماننووسی جەزایری ئەحلام موستەغانمی، لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، گلەیینامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا ڕەخنەی توند لەخەڵک دەگرێت بەهۆی ئەوەی جەزایر بەهۆی هونەرمەند شاب خالید دەناسنەوە و دەڵێ: ” لە سەرەتای نەوەدەکاندا چوومە بەیروت، هاوکات (شاب خالید)ی جەزایریش ببووە ئەستێرەیەکی جیهانی. تەنیا گۆرانیی (دی دی واه) شان و شکۆی ئەویان بەرز کردبووەوە، شەو و ڕۆژ خەڵک هەر باسی ئەو گۆرانییەیان دەکرد. بە مۆسیقاکەی، زەماوەندی بووک و زاوا ڕێکدەخرا و نمایشی جلوبەرگیان سازدەکرد. بە ڕیتمی گۆرانییەکەش، شەوانە بەیروت بەسەما دەکەوت.

ئەحلام موستەغانمی دەنووسێ: ”من تازە لە پاریسەوە هاتبووم، ڕۆمانێکم نووسیبوو بەناوی (ذاكرة الجسد) کە چوارسەت لاپەڕە دەبوو، چوار ساڵ ڕستە بە ڕستە ژیانی خۆم تێیدا خەرج کردبوو. ڕاستییەکەی من هێشتا ناسنامەی خۆمم ئاشکرا نەکردبوو، بەڵام یەکێکیان موجامەلەی زۆری کردم: ”ئەها، تۆ خەڵکی وڵاتی شاب خالید“یت! ئەو پیاوە گوارە لەگوێیە کە لەگەڵ سەگەکەی لە تەلەفزیۆنێکی فەرەنسی دەردەکەوت؟ جگە لە پێکەنینێکی گەمژانە هیچ وەڵامێکم نەبوو، بەڵێ، بەڵێ ئەو پیاویژگە بوو بە ڕەمزی جەزائیر!

موستەغانمی لە گلەیینامەکەدا زیاتر دەڵێ“ ئێستا دوای ئەو ماوە زۆرەی بۆ مانای ئەو گۆرانییە بەسەرم برد و لە وەڵامی مەتەڵی (دی دی واە) ماندووبووم، داوای لێبووردن لە هاوڕێ، ڕێبوار و شوفێر و کرێکاران دەکەم، لە نەخوێندەواری و نەزانیم ببوورن. بۆ ئەوەی چیتر سەرم لەو گێچەڵە نەئاڵێنم و بۆ خۆم ئاسوودە بم، بڕیارمدا ئیتر نەڵێم جەزائیریم. چونکە بەوە خەمناک نابم کە گۆرانیبێژێک بە دوو وشە، یان بە گۆرانییەکی دوو پیتی ئەو هەموو نێوبانگە وەربگرێت، لەکاتێکدا هیچ نووسەرێکی عەرەب، با چەندە تەمەنی خۆیشی لە خزمەت نووسیندا خەرج کردبێت، ئەو نێوبانگە پەیدا ناکات.

ئەو ژنە ڕۆماننووسە دەشڵێ: ”ئەوەی نیگەران و خەمناکم دەکات، ئەوەیە من لە زەمەنێکی هەڵەدا هاتمە ڕۆژهەڵات. لە پەنجاکان دەیانگوت جەزائیری (ئەمیر عەبدولقادر)، لە شەستەکاندا جەزائیر بە (ئەحمەد بن بلە و جەمیلە بوحیرد) ناوی دەرکردبوو، لە حەفتاکاندا بە وڵاتی (یەک ملیۆن شەهید) و ئەمڕۆیش خەڵکی عەرەب خۆی بەو گۆرانیبێژانە هەڵدەداتەوە و دەناسێنێت کە لە (ستار ئەکادیمی) نوێنەرایەتیان دەکەن و هەیفا وەهبی و شاب خالید دوو نموونەی زیندوون، بۆیە بڕۆن بەرگری لەشکۆی هەیفا وەهبی و شاب خالید بکەن و واز لە ئێمە بێنن.

# کتێبی بەرەو ڕۆمانی کوردی بڵاوکرایەوە




ئا: ئەدەب و کولتوور

بەرەو ڕۆمانی کوردی، کتێبێکی (159) لاپەڕەیی لیکۆڵەر ”ئارام سدیق“ە و یەکێکە لە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم. نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێت: ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و خوێندنەوەی هەشت لەو ڕۆمانە دیارانەی کە بەرهەمی ڕۆماننووسانی پاش ڕاپەڕین و هەوڵ دراوە پێگەی ئەم ڕۆمانانە دیاری بکرێت. هەروەها کار لەسەر لایەنە تەکنیک و تێمەکانیشیان کراوە تا دنیابینی پشت حیکایەتی ڕۆمانەکان بۆ خوێنەران ڕوونتر بکرێتەوە. یەکێکی دیکە لە پەیامەکانی ئەم کتێبە هەوڵدانە بە ئاقاری شکاندنی ئەو بێدەنگییە زۆرەی بەرامبەر بە ڕۆمانی کوردی هەیە و بێدەنگییەک کە بەشێک لە تێکستەکان بە بێدەنگی دادەپۆشرێن و بواری بینینیان لەلایەن خوێنەرەوە بۆ ناهێڵرێتەوە. بەگشتی دەکرێت ئەم نووسینانە دەروازەیەک بن بۆ لابردنی تەمی بێدەنگی لەسەر تێکستەکان و هاوکات کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی زیاتر بێت لەسەر ئەم تێکستانە و تێکستی دیکەی ڕۆماننووسان.

هەر لە درێژەی پێشەکییەکەدا، نووسەر دەڵێت: ئەم نووسینانە سەر بە هیچ قوتابخانە و تیۆرەیەکی دیاریکراو نین، بەڵکو ئەو تیۆرە و قوتابخانانەی کە ئاماژەشیان پێدەکرێت لەنێو تێکستەکانەوە هەڵهێنجراون، چونکە بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە تێکستەکان تیۆر دروست دەکەن، نەک بەپێچەوانەوە. هەر کاتێک تیۆرەیەکمان هەبوو و ویستمان تێکستی تێبئاخنین، ئەوکاتە تووشی لەقاڵبدانی خەیاڵی نووسەر و چەقبەستنی بیرکردنەوە دەبین. ئەم هەوڵەی من لە پێناو ڕزگاربوونە لە لەقاڵبدانی بیرکردنەوە و خەیاڵی نووسەران و چاوێکی دیکەیە بۆ بینینی تێکستەکان.

ئەو هەشت نووسەرەی لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانیان نووسراوە، بریتین لە: ”عەتا محەمەد، بەختیار عەلی، جەبار جەمال غەریب، ڕزگار حەمە ڕەشید، فەرووغ نیعمەتپوور، کاروان کاکە سوور، بەیان سەلمان و یاسین بانیخێلانی“.

# بێل کلینتن سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانە



ئا: ئەدەب و کولتوور

بێل کلینتن، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەرێک سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانێکە و بڕیاریشە ڕۆمانەکە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی داهاتوودا بڵاوببێتەوە.

سایتی“ نیویۆرک تایمز“ لەوبارەوە بڵاویکردەوە: ”بێل کلینتن“ سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانێکە بەناوی“ سەرۆک کۆمار ونە“ و بڕیاریشە ڕۆمانەکە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2018 دا بڵاوببێتەوە.

بەپێی هەواڵەکەی سایتی ” نیویۆرک تایمز“، بێل کلینتن بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەری دیاری ئەمریکی جەیمس پاتێرسۆن ی تەمەن حەفتا ساڵان سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانەکەن و نێوەڕۆکی ڕۆمانەکەش تایبەتە بە گێڕانەوەی ژیانی تایبەتیی سەرۆکی ئەمریکا. کلینتن لەو ڕۆمانەدا ڕووداوەکانی هەشت ساڵەی ژیانی خۆی لە پۆستی سەرۆکی ئەمریکادا دە گێڕێتەوە.

ڕۆمانی (سەرۆک کۆمار ونە) چوارسەت لاپەڕەیە و لەلایەن ئالفرێد نۆف ئەند لیتڵ و براون ئەند کۆمپانی لە ئەمریکا و جیهان بڵاودەکرێتەوە.

کلینتن، سی و سییەمین سەرۆکی ئەمریکا بووە و لە ساڵانی 1993 بۆ 2001 سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. پێشتریش چەند کتێبێکی چاپ و بڵاوکردووەتەوە. کتێبی ”ژیانی من“ یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی کلینتن بوو کە ساڵی 2004 بڵاوبووەوە و داهاتەکەی گەیشتە پازدە ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

ماوەی سەرۆکایەتی کلینتن بە دەنگدانەوەی گەورەی تۆمەتی سکانداڵێک دەناسرێتەوە کە درایە پاڵ کلینتن و بۆ ماوەیەکی درێژ ڕای گشتیی ئەمریکا و میدیای ئەو وڵاتە و میدیا جیهانییەکانیشی پێوە سەرقاڵ بوون، تۆمەتی پەیوەندییەکی ناشەرعی لەنێوان سەرۆک و کارمەندێکی کۆشکی سپی بەناوی مۆنیکا لوینسکی. ڕەنگە چیرۆکی ئەو سکانداڵە ئیدیعاکراوە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووبێ لە پڕفرۆشیی نووسینەکانی کلینتن، بەتایبەتی ئەوەیان کە لەبارەی ژیانی خۆیەتی.

# کتێب و بیرکردنەوە





■ ئارام سدیق

سەرەتا کە دەستم بە خوێندنەوە کرد، تەنها بۆ ئەوە دەمخوێندەوە خۆم لەو واقیعە سەختە بەدوور بگرم کە ژیان بەسەرمدا سەپاندبووی. بەڵام دوای چەند ساڵێک لەوە تێگەیشتم خوێندنەوە تەنیا خۆدزینەوە نییە لە سەختییەکانی ژیان، بەڵکو دەبێت ببێتە جۆرێک لە رووبەڕووبوونەوەی ژیان و مردن. کتێب بۆ ئەوە نییە کاتە بەتاڵەکانی پێ پڕبکەینەوە. بەڵکو بۆ ئەوەیە بیر لە ژیان و دیاردەکانی نێوی بکەینەوە و ئاگاییمان زیاتر بکات و چاوێکی دیکەمان پێ ببەخشێت بۆ بینینی دونیا.

کاتێک بە دروستی بیرمان لە خوێندنەوەی کتێب کردەوە، ئەوسا تێدەگەین لەوەی کتێبەکان شتگەلێکی بێرۆح و بێهەست نین، ئەوان دەژین و توانای دوان و گفتوگۆیان هەیە. کتێبەکان دەتوانن رێگە لەبەردەم ئێمەدا بکەنەوە و رێگەش بەڕووی ئێمەدا دابخەن. ئەوان توانای ئاراستەکردنی ئێمەیان هەیە وەک چۆن رێنیشاندەریشمانن بۆ دۆزینەوەی رێگەی خۆمان.

زۆر خوێنەر هەن تەنها بەر رواڵەتی کتێبەکان دەکەون و تەنیا ئەو رووکەشە دەبینن کە لەنێو پیت و رستەکاندا بەچاو دەبینرێن، یان تەنها بەر حیکایەتەکانی رۆمانێک، یان مردنی فیگەرێکی نێوی، یاخود تەنها بەر رستە جوانەکان و پێناسەی چەمکەکان دەکەون، لە کاتێکدا بەرکەوتنی راستەقینە بە کتێب بیرکردنەوەیە لە حیکایەتی نێو کتێبەکان و تامکردنی رستەکان و لەمسکردنی پیتەکان و دواندنی فیگەرەکان. بۆ ئەوەی تەنیا بەر رووکەشی کتێبەکان نەکەوین، پێویستە لەگەڵ هەر رووداوی نێو رۆمانێک بیر لە هۆکارەکانی پشت رووداوەکە بکەینەوە. بۆ ئەوەی لە هەڵسوکەوت و مردنی فیگەرێکی نێو چیرۆکێک تێبگەین، دەبێت بیر لە هەر جوڵە و وشەیەکی ئەم فیگەرە بکەینەوە. نەک تەنها سەرسام بین بە رەفتارە رووکەشەکانی.

زۆرجار باس لەوە دەکرێت بۆچی کتێبەکان هەندێک لە مرۆڤەکان دەگۆڕن و زۆربەی هەرە زۆریشیان ناگۆڕدرێن؟ بۆچی مرۆڤە ئارامەکان ناکاتە بوونەوەری بزێو و بزێوەکان هەر وەک خۆیانن؟ یان چەند جارێک بەر ئەو خوێنەرانە کەوتووم کە پرسیویانە بۆچی لەڕێی کتێبەکانەوە نەبوونەتە خاوەن کەسایەتی بەهێز و کاریگەر؟ خوێنەری راستەقینە بۆیە دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت باشتر هەنگاو بنێت و وشیارانەتر رووبەڕووی پێشهاتەکان ببێتەوە. بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو ئەوەی لەنێو کتێبەکاندا هەیە بۆ ئێمە دروست بێت. خوێنەری رووکەش هەموو ئەو شتەی لەنێو کتێبەکاندایە وەکو موقەدەس وەریدەگرێت و زۆرجار دەشبێتە کۆیلەی ئەو ئایدیایانە. لەکاتێکدا خوێنەری راستەقینە ئەو خوێنەرەیە کە لەگەڵ کتێبەکان و رووداوەکانی نێوی و تێزەکانیدا بیر دەکاتەوە و هەموو کتێبەکە وەکو بوویەکی پیرۆز سەیر ناکات. بەڵکو توانای لێکدانەوە و راڤەکردن و رەخنەکردن و رەتدانەوەی ئەو تێز و ئایدیا و چیرۆکانەی هەیە کە لەنێو کتێبەکاندا بەری دەکەون.

ڤلادیمیر نابوکۆف لە وتارێکدا لەبارەی خوێنەرەوە ئاماژە بۆ نامەیەکی فلۆبێر دەکات، کە لەو نامەیەیدا بۆ خۆشەویستەکەی نووسیویەتی: "مرۆڤ ئەگەر بەلایەنی کەمەوە بە باشی چەند کتێبێک بناسێ، چ توێژەرێکی باشی لێدەردەچێت." ئەم رستەیەی فلۆبێر رەنگە بەرئەنجامی ئەوە بێت کە لەسەردەمی ئەویشدا خوێنەری رووکەشبین زۆر بووە و ئەو ئەسەفی بۆ ئەوە خواردووە کە خوێنەر لەو سەردەمەشدا بەباشی بەنێو پەنهانییەکانی نێو کتێبدا رۆنەچوون.

ئێستا کە دونیا خێراتر چرکەکانی تێدە پەڕێنێت و زەمەن تا دێت خێراتر هەنگاو دەنێت، رەنگە بیرکردنەوە و رۆچوون لەنێو کتێبەکاندا لای زۆر خوێنەر ئەستەم بێت. بەڵام خوێنەری راستەقینە و بیرکەرەوە ئەو خوێنەرەیە کە لەگەڵ شەپۆلی مێگەلیدا هەنگاو نانێت و هێمنیی ژیانی خۆی تێکنادات. لە کاتێکیشدا دونیا هێمنە، ئەو داوای چالاکی دەکات و هەنگاوی بوێرانەی خۆی دەنێت. خوێنەر بۆ ئەوەی وردتر بەر دەوروبەر بکەوێت، پێویستی بەوەیە بەدیار کتێبەکانەوە رابمێنێت و لەگەڵیاندا بیر بکاتەوە و پەنهانەکانی پشت رستەکان ئاشکرا بکات و چاوی سێیەمی هەبێت بۆ بینینی رووبەرە نەبینراو و کەشفنەکراوەکان.

خوێنەری ئەکتیڤ ئەو خوێنەرەیە لەگەڵ کتێبەکاندا بیر دەکاتەوە و هەڵیاندەسەنگێنێت و دەیەوێت لایەنە ئەرێنییەکانی وەربگرێت و لایەنە نەرێنییەکانی رەخنە بکات. بۆیە رێگە نادات کتێبەکان بیری بۆ بکەنەوە، چونکە ئەوە خوێنەری پاسیڤە کە رێگە بە کتیب دەدات بیری بۆ بکەنەوە و رێگەی نیشانبدەن. بەڵکو خوێنەری ئەکتیڤ و راستەقینە لەڕێی کتێبەوە رێگەی خۆی رووناکتر دەکاتەوە، یان دەبێتە خاوەنی رێگەی خۆی.

# بازاڕ و شیعر





■ حەمە فەریق حەسەن

یەک لەباری ئێمەی کورد، تەواو بە پێچەوانەی دونیای پێشکەوتووەوە، ئێستا پتر لە هەر سەردەمێکی مێژوویی، شیعر بەرهەم دێنین. تەنیا لەم دەیەیەی دواییدا بارتەقای هەموو سەدەی نۆزدە و بیست شیعر هاتووەتە بەرهەم. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژ لە دوای رۆژ خوێنەری شیعر ڕوو لە کەمییە! بەڵام شیعری ئەوسا، بە بەراورد لەگەڵ شیعری ئێستادا، قووڵ، هونەری و لەبەردڵان بوو. ئێستا زۆربەی کتێبە شیعرییەکان نافرۆشرێن، بەڵکو دەبەخشرێن. واتە خەڵک ئامادە نین چیتر پارە بە شیعر بدەن. بۆیە شاعیر دیوانە نازدارەکەی بە خۆڕایی دابەشی سەر دۆست و ناسیاوەکانی خۆی دەکات. ئەگەرچی زۆر لەوان لە ڕوودا دادەمێنن کە لێی وەردەگرن.

هەیە بە تەمەنێکی کەمەوە، چەندان بەرگ شیعری بڵاوکردووەتەوە، بەڵام بە هەموویان ئیعتیباری قەسیدەیەکی شاعیرەیلی کلاسیکیان نییە. چونکە هەرچی شیعری کلاسیکە، هونەرەکانی شیعری تێدا خراوەتە کار. ئەمڕۆ، کە دونیا لە سەردەمی جیهانگیریدایە، تاکی هۆشیار ئەوەندە ناکەوێتە شوێن خەمە کەسەکی و زاتییەکانی شاعیر و کێشەکانی خۆی لەوێدا نابینێتەوە. تاکی ئەمڕۆ وەک جاران، بە شیعر سۆزی ناجووڵێت و هەڵناچێت. چونکە تاکەکان بابەتییانە بیردەکەنەوە. ئەوان زیاتر گوێ بە ژانرێک، یان بابەتێک دەدەن، کە کۆنکریتی باسی ژیانی رۆژانەیان بکات و لە مەینەتی و کێشەکانیان بکۆڵێتەوە. ئێستا و لە کۆنیشدا، کەڵکەڵەی شیعر لە سۆنگەی عیشق و خەیاڵفڕین، یان لە سۆنگەی پەیدابوونی بۆشاییەکەوە، پەڕیوەتە نێو زەینی زۆربەیان.

هێندێک لەو نووسەرانەی کە پێشتر شیعریان دەنووسی خۆیان بە خاوەن بەهرە دەزانی، بگرە شانازیشیان بە بەهرەی خۆیانەوە دەکرد، ماوەیەکە لە سۆنگەی نادڵنیایی پێگەی شیعرەوە، لەپاڵ بەهرەکەی خۆیاندا، ڕوویشیان کردووەتە ڕۆمان و توێژینەوە نووسین، وەرگێران و درامانووسین.

لە گۆڤاری [الجسر، العدد، (٥)، شتاء 2012، المجتمع الكردي قصصيا] دا، عبدالكريم يحيى الزيباري، لە جێیەکدا دەڵێت "هناك مثل كوردي يقول: ان لم يكن الكردي فلاحا او راعيا، اصبح شاعرا/ تاکی کورد، ئەگەر بە جووتیاری و شوانکارەییەوە خەریک نەبوو، ئەوا دەبێت بە شاعیر!" من ئەم وتەیەم بە نەختێک دەستکارییەوە، لەلای هێندێک ڕۆژهەڵاتناسانیش بەرچاو کەوتووە و لە شوێنی تردا ئاماژەم پێداوە. ئەم ڕایە ڕاستیی تێدایە. ئەوەتا وەلیی دێوانە هەم شوان بووە هەمیش شاعیر. ئەم ڕایە هەڵدەگرێت زۆری لەسەر بنووسرێت. چونکە برێک ڕۆشنایی دەخاتە سەر مگێز و هەڵکەوتەی کەسیەتیی تاکی کورد. پیشانی دەدات، تاکی کورد هەم نوقمی خەیاڵاتە هەمیش دەستەوسانە و پیشەیەکی ئەوتۆ بۆ ژیان و گوزەران گومان نابات. ئەوەتا لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا، تەنانەت تیقییەکانیش خەریکی پەخشی شیعرن، شاعیرانی زیندوو خۆیان دێنە سەرخەت. سەبارەت بە کۆچکردووانیش، بێکارێکی دەنگ دلێر دێت بۆیان دەخوێنێتەوە. ئەمەیشیان دیاردەیەکە، دەکرێت بڵێم: تەواو بەم سەردەمە نامۆیە.

یەکێک ئەگەر بیەوێت توێژینەوە بنووسێت، ئەوا دەبێت بخوێنێتەوە و بە شوێن سەرچاوەدا بگەڕێت، لای کەم زمانێکی زیندوو بزانێت، تاکو بۆی بلوێت گەرماوگەرم ئاگاداری ئەو سەرچاوە پەیوەندیدارانە بێت کە لە خۆرئاوا چاپ دەبن، نەک بێت کتێبی ساڵانی پەنجای سەدەی پێشوو بکات بە سەرچاوەی باسەکەی. دەسا زۆرێک لە شاعیرانی ئەم سەردەمە، لە کوردییەکی نارەوان و شپرزە بترازێت، زمانی تر نازانن. وێڕای ئەوەی، هێندێک جاران، توێژەر پێویستی بە ئامار دەبێت. ئەو ناچارە بچێتە ناو خەڵکەوە، بۆ ئەوەی دەمودوویان تاقیبکاتەوە.

هەرچی هونەری ڕۆماننووسینە، پشووی درێژی دەوێت، شارەزایی لە تەکنیکدا گەرەکە. بە ماوەیەکی زۆر ئەوجا ڕۆمان دێتە بەرهەم. ڕۆماننووس، دەبێ بە ڕاستی ڕووناکبیر بێت. دەبێت هێندەی کۆمەڵناسێک شارەزای کون و کەلەبەری کۆمەڵی خۆی بێت. چونکە ناچارە کارەکتەر لە ژینگەی خۆیەوە بهێنێت، بیانجووڵێنێت و شوێنیان بکەوێت، بە کارەکتەری خێڵەکی و دێهاتی و شارییەوە؛ بە خوێندەوار و نەخوێندەوارییانەوە، بە دیندار و بێدینیانەوە. لە نێو دەقی ڕۆماندا شارستانەت، ژیان، زەمان و کەسەکان پێکەوە کۆدەبنەوە و گوتوبێژ دەکەن. خۆسیە ساراماگۆ دەڵێت: "من بۆیە بەڕۆمانەوە خەریکم، چونکە ناتوانم توێژینەوە بنووسم. شیعر بۆ نموونە لە سەردەمی وێنەدا زیانی پتری بەرکەوتووە. چونکە شیعر ئەبستراکتە و لیرکیترە، لە کاتێکدا ڕۆمان قووڵتر بەنێو ژیانی کەسەکیدا ڕۆدەچێت."

خۆ ئەگەر باس لە هونەری سینەما بێت، ئەوەی وا سیناریۆ دەنووسێت، کەسێکە هەم نووسەرە هەمیش هونەرمەند. ئەو دەبێت لە نزیکەوە ئاگاداری پیشەسازیی سینەما بێت و بە خوێندن خوێندبێتی. وەک بەهایش، سیناریۆ گرانبەهاترین ژانرە، چونکە سیناریۆی سەرکەوتوو زۆر کەمە. وێڕای ئەوەی، لەنێوان دەیان سیناریۆدا دەرهێنەر دێت یەکێکیان بەگەن دەکات.

سەبارەت بە نووسینی دەقی شانۆیی، ئەوەیان هەر نەیکردبێت! کارێکی هەتا بڵێیت قورسە. نەک هەر لای ئێمەی کورد، بەڵکو لە دونیادا دەقی سەرکەوتوو کەمە. دەرهێنەرانی شانۆ هەردەم گلەییان لە کەمیی دەقی نوێ هەیە. جا چونکە خۆم بەزۆری چیرۆکان دەنووسم، لێرەدا باس لە ژانری چیرۆک ناکەم. بەڵام یەک لە باری دۆخی شیعر، لەم سەردەمەدا، دەشێ بڵێم، زۆربەی ئەوانەی سەریان تێ کردووە، پێویستییان بە زانینی هونەری شیعر نییە! یان بەهەندیان نەگرتووە.

چۆڵەوانییەکی وەحشەتناک لە ژیانی ڕۆژانەی زۆرێک لە شاعیرانی سەردەمی کۆندا هەبووە. زۆربەیان کەسانی دەستوپێ سپی بوون. لە سرووتەکانی حوجرە و مەدرەسە بترازێت، گەمە و پیشەیەکی سوودمەندی ئەوتۆ شارەزا نەبوونە، تاکو بیگرنە دەست. زۆربەیان داهێنەری گەورەیش نەبوون. هێندێک لەوان، هاتوون بە کەمێک دەستکارییەوە لاسایی شاعیرانی عەرەب، فارس و تورکیان کردووەتەوە. زەین و خەیاڵی ئەوانیان بەدەستکارییەوە دووبارە کردووەتەوە. ئەوانەی شارەزای شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسی بوون، ئەم ڕاستییەیان هەست پێ کردووە. بەم دوایییە، جاروبار لەم بەستێنەدا قسەی خۆیشیان کردووە.

خەم، خولیا، سەرگەرمی و پێویستییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە جەنجاڵە، لە پێویستییەکانی مرۆڤی پەنجا ساڵێک لەمەوبەر ناچن و زۆرتریشن. تاکی ئێستا خولیا، ململانێ و کێشەکانیشی زۆر لەوە ئاڵۆزترن بە دراوسێ، مەلای گوند و ڕیش سپییەکانی خێڵ چارەسەر بکرێن. بۆیە چیتر ژانری شیعر دەرۆسیان نایەت و ناتوانێت گوزارشتیان لێ بکات. فریاش ناکەوێت ئەو هەموو مەینەتییانە بگرێتە خۆی و بیانکاتە کۆڵ کە ڕەنگە هێندێک جاران مەترسییەکان بگەنە ئاستی سڕینەوەی گرویەکی ئیتنی لەسەر نەخشەی زەوی. بۆیە لە ئاستی کێشەکانی ئەم سەردەمەدا ژانری ڕۆمان کاراتر، دەستکراوەترە و گشتگیرترە. ڕۆمان بۆی هەیە ڕوونتر ڕاڤەیان بکات و وێنەیان بکێشێت.

دونیای نوێ کە ڕۆمانی بەکاڵاکردووە، وادیارە بەنیاز نییە چیتر شیعر بە کاڵا بکات. واتە ئەوە نەزمی نوێی جیهانە کە شیعر دەنرخێنێت. کاڵایەکیش لە بازاڕدا کەم نرخ بێت، دەپووکێتەوە. ئەدەبیش وەختێ بە کاڵا دەبێت، ئیتر دەبێتە ملکەچی یاساکانی بازاڕ. دەزگەی پەخش و بڵاوکردنەوەیش بڕیار لەسەر چارەنووسی ژانرەکان دەدات. وەک چۆن بازرگانانی کەڤاڵی شێوەکار بڕیار لەسەر فرۆش و نرخی کەڤاڵەکان دەدەن، ڕێباز و قوتابخانە جیاوازەکانی هونەر دەنرخێنن، ئەمڕۆ ئەدەبیش کاڵایە و ملکەچی کڕین و فرۆشتنە، ئەدەبیش ملکەچی یاسای خواست و خستنەڕووە.

لەم ڕووەوە، زەقترین ڕووداوێک کە لەساڵی (2012)دا، جێی سەرنج بووبێت، وەستانی گۆڤاری - بزاڤی شیعر-ە، لە وڵاتی فرانسە، دوای 62 ساڵ لە دەرچوونی سەروەر. محمد المزيودي کە لە پاریسەوە ڕاپۆرت دەنێرێت، لەم ڕووەوە دەڵێت: "ڕەنگە چێکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە شیعر کارێکی قورس بێت. لەبەر زۆر هۆکار کە ڕەنگە بەهێزترینیان ئەوەبێت، بە بەراوردی ڕێژەیی لەچاو خوێندنەوەی ڕۆمان، چیرۆک و ژانرەکانی تری وەک بیۆگرافیا و ئۆتۆبیۆگرافیا و ئەدەبی نامەگۆڕینەوە و گەشتنامە، خوێنەر وازی لە شیعرخوێندنەوە هێناوە".

لە سەردەمێکدا، گڵۆباڵیزەیشن دونیای بەرینی بە گوندێک کردبێت، ئەمڕۆ بێت یان سبەی، ئەم ڕێساو یاسایانەی باسمکردن، هەر دەبێت بگەنە کوردستانیش.

# پەتای گەندەڵی و تێکشکانی کۆمەڵگە

# لە گێڕانەوەکانی رۆمانی (پیاوێکی تێکشکاو) دا



شاخەوان سدیق

## ”رۆمان هونەری ئامادەکردنەوە و هێنانە قسە و ناساندنی مرۆڤە بێدەنگەکانە“

(بەختیار عەلی)

بەدرێژایی مێژووی هونەری نووسین و گێڕانەوە، وەک سیحری بنیاتنانی پایە گرنگەکانی ئەدەب، دەلاقەی خستنەڕووی ئازار و مەینەتییەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بووە، زۆر جار ئەوەی مێژوو نەیتوانیوە بیڵێت و درکی پێنەکردووە، ئەدەب وەک ژانرێکی گرنگ ئەو سپەیسەی پڕکردووەتەوە و بگرە باشتر وێنەی گەورەی رووداوەکانی گواستووەتەوە. هەرچەندە ئەدەب جیاواز لە مێژووی رووداوە واقیعییەکان کۆپی ناکات، بەڵام هەمیشە ئەو بەشانەی رووداوەکان دەگوازێتەوە کە لە واقیعدا بەچاو نابینرێن و دیوێکی دیکەیان دەخاتە روو، (کۆلن ولسن) دەڵێت: ”کاریگەریی رۆمان لەسەر کولتووری مرۆڤایەتی لە تێکڕای تیۆرییەکانی فرۆید و داروین و مارکس زیاتر بووە“، ئەوەش کە وای کردووە (ئەدەب) ئەم گرنگییەی هەبێت، دەستبردن و قسەکردنیەتی بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە ئازار و کێشە گەورەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە هەیە، هەر وەک ئەوەی (دۆستۆیڤسکی) لە رۆمانی (تاوان و سزا)دا و (جۆرج ئۆروێڵ) لە رۆمانی (1984) دا و (گۆستاف فلۆبێر) لە رۆمانی (مادام بۆ ڤاری)دا کردوویانە. ئەوەش کە من لەم نووسینەدا مەبەستمە لەبارەی بدوێم، رۆمانی (پیاوێکی تێکشکاو)ی نووسەری مەغریبی (تاهیر بن جەللون)ە، ئەم رۆمانەش، هاوشێوەی زۆرێک لە تێکستەکانی دیکەی دنیا، قسەکردنە لەسەر ترسناکترین دەردی کۆمەڵگە کە ئەویش پەتای (گەندەڵی)یە. ئەم دیاردەیەش یەکێکە لە باوترین دیاردە خراپەکانی مرۆڤ لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا، بەتایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەهۆیەوە جگە لە هەڵتەکانی کۆمەڵگە و نەمانی سیستم، مرۆڤیشی بەرەو تێکشانی گەورەی جستەیی و رووحی بردووە.

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

تاهیر بن جەللون، ساڵی 1944 لە شاری ( فاس) لە مەغریب لەدایک بووە. ماستەری لە فەلسەفەدا و دکتۆرای لە پزیشکی دەروونیدا هەیە. ساڵی 1987 رۆمانی ( شەوی قەدر) ی بڵاوکردووەتەوە و خەڵاتی کۆنکۆری بەدەستهێناوە. ئەم نووسەرە بە زمانی فەرەنسی دەنووسێت و بەیەکێک لە نووسەرە دیارەکانی پۆست کۆلۆنیالیزمی ئەفریقای باکوور لە قەڵەم دەدرێت. لە دیارترین رۆمانەکانی( منداڵی لمەکان، ئەو تاریکیە درەوشاوەیە، کۆچ و پیاوێکی تێکشکاو)ە.

## چیرۆکی رۆمانەکە:

رۆمانی (پیاوێکی تێکشکاو) یەکێکە لە رۆمانە گرنگ و دیارەکانی ( بن جەللون) و ساڵی 1994 خەڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بەدەستهێناوە. نووسەر خۆی دەڵێت: بیرۆکەی رۆمانەکەی لە رۆمانی نووسەرێکی (ئەندۆنیزی) وەرگرتووە، بەناوی (پیرامۆدیا ئاناتا توپر)، ئەمەش راستیی قسەکەی (میلان کۆندێرا) دەسەلمێنێت کە دەڵێت: ”هەموو نووسینێکی نوێ، بەشێوەیەک لە شێوەکان، کاریگەری نووسینێکی پێشووتری لەسەرە“. ئەم رۆمانە بەزمانێکی جوان و کوردیانەی پاراو لەلایەن وەرگێڕی بەتوانا (ئازاد بەرزنجی)یەوە کراوە بە کوردی و ساڵی (2013) چاپی یەکەمی لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم بڵاوبووەتەوە.

## نێوەرۆکی رۆمانەکە بەکورتی:

موراد کارەکتەری سەرەکی ئەم رۆمانە، فەرمانبەرێکی راستگۆ و دڵسۆزی حکومەتە، ئەم پیاوە لە رێگەی پەیوەندییەوە بە خۆشەویستی، هاوسەرگیری لەگەڵ خانمێکدا دەکات بەناوی (حەلیمە) کە دواتر کچێکی لێی دەبێت، ئەم خێزانە ئەگەرچی لە سەرەتاوە پێکەوە بەختەوەر و ئاسوودەن، بەڵام هەژاری و دەستکورتیی موراد لەڕووی داراییەوە رێگرە لە بەردەوامبوونی ئەم خۆشبەختیە و لە دواتردا هۆکارە بۆ هەڵوەشانەوەی خێزانەکە و بەلارێدابردنیان لە چەندین رووەوە، چونکە موراد نایەوێت ببێتە کەسێکی گەندەڵ، دەیەوێت ژیانێکی ئابڕومەندانە بژی، بەڵام بەرامبەر بەم بیروباوەڕەی رۆژ دوای رۆژ ژیانی وێرانتر دەبێت، ئەمەش سەرەنجام تووشی دابەشبوون و کەرتبوونی دەکات و بە تێکشکان و رووخانی کەسایەتیی کۆتایی دێت و دەبێتە پیاوێکی تێکشکاو کە لە مرۆڤێکی وەفادار و راستگۆوە، وردە وردە دەبێتە مرۆڤێکی بێمتمانەی گەندەڵ. ئەوەتا لەلاپەڕە (16)ی رۆمانەکەدا بەم جۆرە نووسەر باس لە شێوازی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا دەکات.

” دوای ئەوەی موراد سواری تاکسی دەبێت، کابرای تاکسی ئاوڕ دەداتەوە و لەبەرخۆیەوە دەڵێت: ”دە دانە ساڵە ئەم تاکسیەم کڕیوە، بڕوا دەکەیت تا ئێستاش بەرتیل بەو کابرایە دەدەم کە مۆڵەتی شۆفێرییەکەی بۆ دەرهێنام؟“. موراد بەهۆی ئەوەی لە یەکێک لە فەرمانگە حکومییەکان وەک بەرپرس کاردەکات، رۆژانە تووشی چەندین حاڵەت و دیاردەی بەرتیلخواردن دەبێتەوە کە تەنها بە واژۆکردنی لەسەر کتێبێک دەتوانێت ژیانی بگۆڕێت، ئەوەتا لە لاپەڕە (24)دا بەم جۆرە باس لە هەڵوێستێکی موراد دەکات“: (فولان) کە بەڵێندەرێکی بیناسازییە، لە یەکێک لە کافێکانی شاردا سەفتەیەک پارە دەخاتە بەردەم موراد و داوای تەنها یەک واژۆی لێدەکات، ئەو سەفتە پارەیە هێندە زۆر بوو کە موراد دەیتوانی ” ماتۆڕێک بۆ خۆی و کراسێک بۆ حەلیمە و قاتێک بۆ منداڵەکەی بکڕێت، ئەمە جگە لەوەی کە دەیتوانی هەموویان بەرێت بۆ ریستۆرانت و ماسی بخۆن، خۆیشی جگەرەی ئەمریکی بکێشێت. بەڵام موراد دەڵێت من بەرتیلخۆر نیم و بەتوڕەبوونەوە تفێک دەکاتە سەرزەوی و دەڕوات.

لەم رۆمانەدا ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە لە دواتردا و بەهۆی غەدرەکانی کۆمەڵگەوە (موراد)یش دەبێتە یەکێک لە پیاوانی بەرتیلخۆری گەندەڵ، ئەگەرچی هەمیشەش هەست بە تاوان و ئازاری ویژدان دەکات، بەڵام ئەوەی کە روودەدات لە ئەساسدا بەشێک نییە لە کەسایەتی (موراد) بەڵکو ئەوە سیستمی حکومڕانی و رەفتاری ئاشکرای پیاوانی حکومەتە کە کەسایەتی ئەم ناچار بەو گۆڕانە گەورەیە دەکەن، موراد تەنها قوربانییە، وەک چۆن مرۆڤ لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا بوون و ژیانی بەگشتی قوربانییەکی گەورەیە. ئەوەتا لە دواجاردا موراد دەڵێت: ”ئای چەندە سەختە مرۆڤ هێندە رووناکبین و هۆشیار بێت کە باوەڕی بەهیچ بیانوویەک نەمابێت بۆ خراپەکاری و ناشیرینییەکانی کۆمەڵگەکەی و سەردەمەکەی و ناشیرینیی مرۆڤایەتی و ناشیرینی مەرگ، ئاخۆ شەو لەم خەمە قووڵە رزگارم دەکات، یان مەرگ دێت و ئەم بارە قورسەی سەر شانم لادەبات.




## تەکنیک وەک خاڵی بەهێزی رۆمانەکە:

تەکنیک یەکێکە لە رەگەزە گرنگەکانی سەرکەوتنی ئەم رۆمانە، ئەویش لە رێگەی سادە دەربڕین لە گێڕانەوەداو قووڵ دەربڕین لە واتادا، بۆ خۆیشی ئەم تێکستە رۆمانێکی فرە رەهەند و فرە کارەکتەرەو، تێمای سەرەکی چیرۆکەکەی باسکردنە لە دیاردەی هەژاری و خراپیی سیستمی حوکمڕانی و فراوانیی دیاردەی بەرتیلخواردن و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی گەندەڵی لەناو دامودەزگەکانی حکومەتدا، رووداوەکان لەلایەن چەند کەسایەتیەکەوە دەگێردرێنەوە، بەڵام جۆرێک لە هاوپەیوەستی لە نێوان گێڕانەوەکاندا هەیە، ئەم رۆمانە بەشێوەی دیالۆگی کورت و خێراو لە رێگەی گرێچنی وردەوە، رووداوەکانی پێکەوە بەسراونەتەوە، بەجۆرێک کە نووسەر لە رێگەی ئەم جۆرە تەکنیکەوە سیحری خۆی لە خوێنەر دەکات و وادەکات کە خوێنەر نەتوانێت بە ئاسانی دەست لە خوێندنەوەی هەڵگرێت.

## پەیوەندیی ئەم رۆمانە بە دۆخی هەرێمی کوردستانەوە:

هەروەک چۆن نووسەر کە (مەغریبی)یە و خۆی دەڵێت گێڕانەوەی چیرۆکەکەم باسکردنە لە واقیعی ژیانی هاووڵاتییانی مەغریب و بیرۆکەی رۆمانەکەشی لە رۆمانی نووسەرێکی (ئەندۆنیزییەوە) وەرگرتووە، ئاوهاش ئەم رۆمانە پەیوەندی راستەخۆی بە شێوەی ژیانی هاووڵاتییانەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، چونکە لە ماوەی بیست و شەش ساڵی رابردووی حوکمڕانی دەسەڵاتی خۆماڵیانەی کوردی، بەهۆی بڵاوبوونەوەی فەساد و دیاردەکانی بەرتیلخواردن لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا، چەندین هاووڵاتی و فەرمانبەری دڵسۆزی ئەم هەرێمە (موراد) ئاسا کە لە ژیانێکی شەرەفمەندانەی پڕ لە ئینتیما بۆ خاک و نەتەوەدا سەربەرزانە دەژیان، ناچار بە تێوەگلان و تووشبوون بە ڤایرۆسی گەندەڵی کران و لەژێر فشاری هەژاریشدا خێزانەکانیان هەڵوەشێنرانەوە. بۆیە بەبۆچوونی من، خوێندنەوەی ئەم رۆمانە جیاواز لە زۆرێک لە تێکستەکانی دیکە بۆ ئێمەی خوێنەرانی کورد پێویستە، چونکە ئەدەب و گێڕانەوە خاڵی هاوبەشی مرۆڤەکانن و وەک چۆن ئازارەکانیان هاوبەشە، ئاوهاش چیرۆکەکانیان هاوبەشە، بۆیە کاتێک ئەم رۆمانە دەخوێنیتەوە، وادەزانیت (تاهیر بن جەللون) کوردە و رۆمانەکەشی بۆ واقیعی ئێستای ئێمە بەکوردی نووسیوە، ئەوەتا نووسەر خۆیشی دەربارەی ئەم رۆمانە دەڵێت: ”رووداوەکانی ئەم رۆمانەم لەم رۆژگارەدا و لە مەغریبی هاوچەرخدا روودەدەن و دەمەوێت تێیدا ئەوە بڵێم کە وەختێ بەدبەختی رووەدکاتە دەروونی ئادەمیزادەکان، ئیتر با هەزاران کیلۆمەتریش لە یەکدییەوە دووربن و لە باروودۆخی جیاواز و لەژێر ئاسمانی جیاوازدا بژین، بەڵام راستی هەمان هەواو هەوەس و کەڵکەڵە و فریوی شەیتانی دەبن“. دەمەوێت لە دواجاریشدا لە دڵەوە سوپاسی وەرگێڕی بەتوانا (ئازاد بەرزنجی) بکەم بۆ وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە جوان و ناوازەیە و ناساندنی بە خوێنەرانی کورد.

# لەبارەی رۆمانی ”مزاباد“ەوە






یادگار مەحموود

ناونیشانی رۆمانی” مزاباد“ چەندین خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، رەنگە بڕگەکانی وشەکە لێکدراوێک بێت بۆ ناوی کۆمار” مز- ئا- باد- مهاباد“ یان سێمانتیکی وشەکە، باشتریشە بڵێم ناوی رۆمانەکە سیمبۆڵێک بێت، چونکە ئەو وشەیە لە زمانی کوردیدا نییە، بە تایبەتی لە شێوەزاری سۆرانیدا“ رەنگبێت سێمانتیکی ناوەکە بە مهابادێکی دۆخ تەمومژاویی هاوشێوەی چارەنووسی تەمومژاویی کۆمارو باروودۆخی فرەڕەهەندێتی کە کۆماری تێدا دروستبووە، بخوێنینەوە.

دەستپێکی رۆمانەکە نووسراوە ئەم رۆمانە لەبەر رۆشنایی چوارچرادا دەخوێنرێتەوە. بەسەر چوارچرادا وەکو بەش، رۆمانەکە رێکخراوە. چوارچرا گوزارشتە لە چوار پارچەکەی کوردستان، زەینی خوێنەر پەلکێشی پانتاییەکی جوگرافیی دابەشکراو دەکات، هاوکات گوزارشتە لە مەیدانی چوارچرای مهاباد کە پێشەوای تێدا خرایە بەر پەتی سێدارە و کۆمارەکەش لە خاچ درا. شوێنکاتی ئەم رۆمانە شوێن و کاتێکی دیار و واقیعییانەی مێژوو و جوگرافیای کوردستانە. سەردەمی روودانی بەسەرهاتەکان ئەو سەردەمە نییە کە جان دۆست تێیدا ژیاوە، بەمەش ئەرکی گێڕانەوە لای رۆماننووس زەحمەتتر دەبێت.

ئەو زمانەی رۆمانەکەی پێ نووسراوە، بریتییە لە زمانێکی نۆستالژیکی، دیارە جان دۆست ئەوەی لەبەرچاوە کە مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی، مرۆڤ و کۆمەڵگەیەکی نۆستالژیکە، بەردەوام ئاوڕ بۆ دواوە دەداتەوە و هەمیشە لەگەڵ یادەوەرییەکانی پشتەوەی خۆیەتی و دڵی لای رابردووە. ئەمە پەیوەندییەکی زۆری بە ژیانی سەخت و نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردەوە هەیە، بەتایبەتی ساتەوەختی دروستبوون و کەوتنی یەکەمین کۆماری کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا. بەکارهێنانی وشە فرەشێوەزارەکانی زمانی کوردی لە شێوەی شوورایەکی رەش، منارەی بەژن زراڤ، پێدەچێت هەوڵێک بن بۆ لێکنزیکخستنەوەی شێوەزارەکان لە یەکدی، هەروەها پساندنی ئەو سنوورە دەستکردانەی کە شێوەزارەکانی بە یەکدی نامۆ کردووە.

ناوی پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکە ” بادین“، ناسنامەیە بۆ کارەکتەرێکی بادینی کە بە بنەچە خەڵکی ئامێدییە، یان وەک لێکدراوی دوو وشە بێت (با - دین) (با) وەک تێکدەر، ئەو رەشەبایانەی تێکدەری کۆمار بوون، یان وەک شنەیەکی بای بەهار کە ”بادینە“ لە ئامێدی و سلێمانی و ئامەدەوە هەڵدەکات و تێدەپەڕێت. وشەی دووەمیان کە ” دین“ ە، یان بای دینە کە پێدەچێت ئاماژە بێت بۆ وجودی بەهێزی ئایین لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، بەو هۆیەوە زۆربەی سەرکردایەتی شۆڕشەکانی ئازادیخوازی پیاوانی ئایینی بوون.

## پوختەی رۆمانەکە:

لە ”مزاباد“ دا نووسەر لەرێی کارەکتەری سەرەکیی رۆمانەکەوە کە ”بادینە“، دەمانباتەوە بۆ ناو پێچ و پەناکانی مێژووی کۆماری مهاباد، بە تایبەت ساتەوەختی نێوان جەنگی یەکەمی جیهان و جەنگی دووەمی جیهانی. بەرەو ئەو رۆژگارانەی سەردەمی کۆماری مهابادو ژیانی ناو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەمانگەڕێنێتەوە، بەهۆیەوە بەناو کەڵچەردا گەشتێکی سەراسیمە دەکەین، گەڕەکەکانی شاری سلێمانی و مهاباد دەبینینەوە، هەواڵی بارزانیەکان دەبیستینەوە، چاومان بە چەند کەسایەتییەکی ناسراوی ئەوکات دەکەوێتەوە، لە نزیکەوە خێڵەکانمان پێدەناسێنێتەوە، بە گشتی پرس و کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئینسانیی کۆمەڵگەی کوردی و رەگوریشەی لە مێژوو و فەرهەنگی کۆمەڵگەکەدا دەخاتەڕوو. لەم گەشتە ئەدەبییە مێژووییەدا کە هاوشێوەی ژانری داستانێکی سەردەمی ریالیزمە، وەک پێشتر گوتم لەرێی کارەکتەری سەرەکی کە ”بادین“ و خەڵکی ئامێدییە، جارێکی دی خەم و ئازاری لەدەستدانی خەونی بەدینەهاتووی کورد لەناخماندا سەوز دەکاتەوە و بە خوێنەر دەڵێت کە ئەو خەمە، ئەو لە دەستدانە، خەون و خەمی هەموو کوردێکە، هەربۆیە بەشداریی بارزانییەکان و رۆڵیان، کاریگەرییان کە بۆ خەڵکی کۆمار پڕئومێدبوون، سەرلەبەری دەخاتە بەر دید و یادەوەریمان. هەمیشە رۆماننووس پێویستە ئەوەی لەپێشچاو بێت کە ژیانی تاکەکانی نەتەوەیەک ئەزموونێکی تاقانەیە، وێڕای هەموو کێشە و گرفت و نەهامەتییەکانی، وێڕای هەموو ناموڕادی و دۆڕاوییەکانی، نابێت خوێنەر نائومێد بکات لە تێکۆشان، هەموو ئەو ئەلەمێنتانەی کە ئەم مێژووە سیاسیەی پێ نووسراوەتەوە، پێمان دەڵێت رۆمانەکە بە قەڵەم و هەست و نەستێکی نەتەوەیی دارێژراوە، لە هەمان کاتدا لەرێی کارەکتەرەکانی وەک ” نوبار و ئاگۆپ“ـەوە باس لە نەهامەتی و رۆژگاری سەختی ئەرمەنییەکان دەکات و مێژووی لێکچووی چەوسانەوەی گەلان دەگێڕێتەوە کە چۆن لە پێناوی بەرژەوەندیی زلهێزەکانی ئەوکات، گەلانی رۆژهەڵات هاڕدرابوون و سەرووەت و سامانی وڵاتەکانیان بە تاڵان دەبرا. نووسەر دەیەوێت ناکۆکیی نێوان گەلانی ناوچەکە لەرێی پێوەندی ”بادین و نوبار و ئاگۆپ“ ـەوە بخاتەڕوو، بە تایبەتی پێوەندی نێوان هەردوو نەتەوەی ئەرمەن و کورد دەخاتە بەر رۆشنایی کە چۆن ناکۆکیە دروستکراوەکانی نێوان گەلان دروستکراوی رژێمە سەردەستەکانی زلهێزانی دنیایە، ئەوەش لە پێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی خۆیاندا کە بەرژەوەندیی هەرە لە پێشیان بریتیە لە دزین و بە تاڵانبردنی سەرووەت و سامانی میللەتانی ناوچەکە بۆ خۆیان.

نووسەر بە بردنی ” توتنی کوردستان“ لەلایەن رووسەکانەوە، بەشێک لە بەسەرهاتەکانی ئەو تاڵانیەمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەروەها فیکشن و مێژووی تێکەڵ کردووە، زۆر بە وردی وەک هێڵکێشانی ناو تابلۆیەک بە بەکارهێنانی” مێتافۆر“ و ”مێتۆنۆمی“ بێجگە لە مێژووی ئەو سەردەمە، رووناکی دەخاتە سەر کەموکورتییەکان و هەڵەکانی رۆژگار و ئەو کەمایەسیانەی کە لەناو خودی کورددا هەن. مەرج ئەوەیە بەم گێڕانەوانە نووسەر چەند توانیویەتی یارمەتی سەرهەڵدانی عەقڵییەتێکی نوێ و مۆدێرن لەناو کۆمەڵگەیەک بدات کە بە زەحمەت سوود لە هەڵەکانی رابردوویان وەردەگرن، لەو بڕوایەدام ئەمە هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی جان دۆست مێژوو وەک خۆی ”میتۆنۆمیانە“ بگێڕێتەوەو باس لە هەندێک کەسایەتییە راستەقینەکان بکات کە لە رۆمانەکەدا ناویان هاتووە. ئەو کەسایەتیانەی لە رۆمانەکەشدا دەخرێتە بەرچاومان بریتین لە (قازی محەمەد، بارزانی، مامۆستا هەژار و چەند سەرۆک خێڵێک.) بەگشتی هێڵە گشتیەکانی مێژووی نەتەوەیی کورد دەگێڕێتەوە، باس لە شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید دەکات ”پێڵووی هەردوو چاوەکانی شین بووبوون، ئەوکاتە باوکی تۆ لە دەربەندی بازیان شەڕی دەکرد“. گرنگ ئەوەیە بەم دیالۆگانە ئایا جان دۆست توانیویەتی هاوسۆزییەکی نەتەوەیی و متمانەیەکی میللی لای خوێنەرانی دروست بکات؟ چونکە رۆمان رۆڵێکی باڵای لە پرۆژەی نەتەوەسازیدا هەیە و دەتوانێت رۆئیایەکی عەقڵانیی هاوبەش لە نێوان هەموو تاکەکانی نەتەوەدا ساز و ئامادە بکاتەوە.

بە مێتافۆر کەموکورتیەکانی نێو خودی خۆمان دەخاتە ڕوو، مێژووی بێگانەپەرستی و خیانەت، لەرێی چیرۆکی خۆشەویستی بادین و ژاڵە“ ـەوە. هەرچەندە لەو بڕوایەشدام کە ناکرێت وەک قازی و دادوەر حوکمی رەها و نەگۆڕ بۆ مرۆڤ و رووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکان بە عەقڵیەتی ئەم سەردەمە و ئێستاوە بدرێت. هەروەها ناشکرێت وەک کەسایەتی ناو بەیت و حەکایەتە کۆنەکان رۆڵ و کاریگەرێتی مێژووی کارەکتەرەکان دابڕێژرێنەوە، جان دۆست لە شێوەی یاداشت بۆ رووداوەکان بەرواری داناوە و خوێنەر ناچار دەکات لە خوێندنەوەی مێژوودا کەمێک هۆشیارتر هەنگاو بهاوێژێت بۆ هەڵوێست وەرگرتن. کاتێک خوێنەری کورد ئەم ژانرە ئەدەبییەی کە پەیوەندی بە بەشێکی مێژوو و فەرهەنگی کورد و پرس و کێشە نەتەوەییەکانیەوە هەیە، دەخوێنێتەوە، تووشی دڵگرانی دەبێت. گرنگتر لە هەموو شت ئەوەیە ئایا جان دۆست بەم رۆمانەی توانیویەتی کاریگەریی رووداو و واقیعی سەردەمی کۆمار لەسەر زهنییەت و ژیانی کەسایەتییەکان بگێڕێتەوە. واتە لە گۆشەنیگا و زهنییەتی کەسایەتییەکانەوە چەندە توانیویەتی ئاوڕ لە رووداوەکانی کۆمەڵگەی ئەوسای کوردستان بداتەوە؟

# "بەبێ میوزیک ژیان هەڵە دەبوو"

## نووسەرە مەزنەکان چی لەبارەی هێزی میوزیکەوە دەڵێن؟

■ ئامادەکردن و وەرگێڕانی: هەژار

ئیگۆر فیۆدۆرۆڤیچ (1882-1971) یەکێک لە گەورەترین و گرنگترین ئاوازدانەر و پیانۆژەنەکانی رووسیا و سەدەی بیستەم، دەڵێ "میوزیک باشترین رێگەیە کە ئێمە هەمانە بۆ هەزمکردنی زەمەن". ئەم رستەیەی ئیگۆر (رەنگە) بە جۆرێک لە جۆرەکان و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە رستە گرنگەکەی نووسەری بەناوبانگ "دەبلیو. ئێچ. ئاودن"ـەوە هەبێت کە دەڵێ "میوزیک دەنگی شەپۆلی دەروونمانە." لەم بابەتەدا هەندێک گوتەی بژارکراوی هەندێک لەو نووسەرە گەورە و گرنگانەی جیهانمان وەرگرتووە کە میوزیک کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ژیانیان هەبووە و لەزۆر کایەی ژیان و نووسینیاندا رەنگی داوەتەوە و بووەتە ئاوێنە بۆیان.



### سوزان سۆنتاگ:

سوزان سۆنتاگ بە درێژایی ژیانی مێردمنداڵیی خۆی لە نێوان هەشت بۆ دە سەعاتدا کتێبی خوێندووەتەوە و هەرگیزیش لە چوار سەعات کەمتر نەبووە. عەشقی بەتین و تاوی ئەو بۆ ئەدەب هاوشانی عەشقی بووە بۆ میوزیک. هەربۆیە لە یاداشتێکدا لە کتێبی "لەدایکبوونەوە: رۆژانەنووسین و پەڕاوی تێبینییەکان،1947-1963" و لە تەمەنی 15 ساڵانیدا دەنووسێ: "میوزیک لە یەک کاتدا هەم جوانترین و هەمیش زیندووترینی گشت هونەرەکانە؛ ئەبستراکترین، بێخەوشترین، پاکژترین و پڕسۆزترینە. من بە جەستەشم گوێ لە میوزیک دەگرم و جەستەم لە تاو هەست و سۆزی بەتین و پەرۆشیی لە بەرانبەر میوزیکدا دەداتە خورین."



### ڤیکتۆر هیوگۆ:

شاعیری مەزنی رۆمانتیک و دراماتیکی فەرەنسی، ڤیکتۆر هیوگۆ، لە پێشەکیی توێژینەوەیەکیدا لەبارەی ویلیام شەکسپیرەوە و لە ساڵی 1864ـدا دەنووسێ: "میوزیک گوزارشت لە گشت ئەو شتانە دەکا کە وشە ناتوانێ گوزارشتیان لێ بکا و گوزارشت لە گشت ئەو شتانەیش دەکا کە ناتوانن بە بێدەنگی بمێننەوە."



### ئۆڵدس هەکسلی:

ئۆڵدس هەکسلی لە تێڕوانینێکی جیاواز و لە وتارێکدا لەژێر ناوی "ئەوەی ماوەتەوە بێدەنگییە" کە ساڵی 1931 خرایە دووتوێ کتێبی "میوزیک لە شەودا و وتارەکانی تر"، دەنووسێ: "پاش بێدەنگی تەنیا شتێ کە نزیک ببێتەوە لەوەی گوزارشت لە گوزارشتلێنەکراوەکان بکات میوزیکە. ئەو دەمەی گوزارشتلێنەکراوەکان دەبوو گوزارشتیان لێ بکرێ، شەکسپیر قەڵەمەکەی دادەنا و هاوار و داوای میوزیکی دەکرد."



### کورت ڤۆنیگەت:

لە دوا کۆمەڵە وتاریدا: "مرۆڤێک بەبێ وڵات" کورت ڤۆنیگەت دەنووسێ: "میوزیک لەسەروو هەموو شتێکی دیکەوە وا لە بوونی مرۆڤ دەکا کە شایان بە زیندووبوون بێ." ڤۆنیگەت هەر لەو کتێبەشدا دەنووسێ: "ئەگەر هەر پێویست بکا بمرم، خوا قەت ئەوە نەکا، با ئەمە نووسراوی سەر کێلی قەبرم بێ:

**تەنیا شت کە پێویستی بوو بۆ سەلماندنی بوونی خوا میوزیک بوو."**



### ڤێرجینیا وۆڵف:

لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنیدا، ڤێرجینیا وۆڵف، بایەخ و هێزێکی جیاوازی لە میوزیکدا بینییەوە. لە یادداشتێکدا بەناوی "سەما لەبەردەم دەروازەی ماڵی شاژندا" و لە شەوێکدا دەنووسێ: "میوزیکی سەما جۆرایەتییەکی تایبەتی بۆ خۆی هەیە- جۆرەکانی تر نا: هەندێک غەریزە و ئەنگێزەی بەربەرییانەت لەناودا تێکهەڵدەدا- دەتخاتە خەوێکی بێدەنگی وەکو بێدەنگیی دوای زریان و ژیانێکی زاهیدانە- هەر لەو چەند چرکەیەدا تۆ چەندان سەدەی شارستانێتیت بیر دەچێتەوە و لە خۆتەوە دەست دەکەیت بە هاتوهاوار لە بەرانبەر ئەو سۆزە بەگڕوتینەی کە دەتخاتە حاڵی حەلوەلا و بەناو ئەو ژووردە وەکوو گێژاو گێژت دەکا- ڕوون و ڕەوان ئەوەی دەبێ بیکەیت ئەوەیە بەدەم میوزیکەکەوە بێیت و بڕۆیت و خۆ بادەی- هەڵگەڕێیتەوە و داگەڕێیتەوە و بخولێیتەوە و بخولێیتەوە- لە گێژاوەکاندا و لە گێژاوی دەنگی کەمانچەکاندا. دۆخەکە وەک بڵێی ئاوێکی خوڕە و لەگەڵ خۆیدا دەتبات و راتدەماڵێ. ئەوە جادووی میوزیکە."



### ئەنایس نین:

لەوانەیە هیچ کام لە نووسەرانی دنیا بەقەت "ئەنایس نین"، نووسەری فرانسی- کوبی، لە خەمی دەفتەری یاداشتدا نەبووبن و کاریان لەسەر نەکردبێ. "ئەنایس نین" هەر لە تەمەنی یانزە ساڵانییەوە لە دەفتەرەکانی یادداشتیدا هەتا سەروەختی مەرگی و مردنی لە تەمەنی 74 ساڵانیدا هەر شتی دەنووسی و دەنووسی. بە جۆرێک کە ژمارەی بەرگەکانی دەفتەری یادداشتەکانی گەیشتنە شانزە بەرگ و لە کاکڵەکانیاندا باسی بابەتگەلی وەک؛ عەشق، ماف، میوزیک، مانای ژیان و دەستڕاگەیشتن بە بنەماکانی داهێنانی کردووە. لە بەرگی پێنجەمی کتێبی یادداشتەکانیدا دەنووسێ: "جاز میوزیکی جەستەیە. جاز هەناسەیە دەنێو دەمارەکاندا. جاز هەناسەی جەستەیە و دەنگ و ژێی شین و واوەیلایە و هاوار وناڵەکانیش دەنگدانەوەی میوزیکی جەستەن. جاز لەرەلەری جەستەیە کە پەنجەکان نەرم نەرمێ درووستی دەکەن. میوزیسیانەکانی جاز تاکوتەنیا رازونیازی نهێنییەکانی ژیانی ئێمەن."



### ئۆلیڤەر ساکس:

لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، "میوزیکۆفیلیا: حیکایەتەکانی میوزیک و مێشک"، ئۆلیڤەر ساکس، هەندێ شتی نووسیوە کە رەنگە باشترین نووسینێک بن تا ئێستا بەو گرنگییەوە دەرخەری هێزی میوزیک و رەنگدانەوەی ئەو هێزە لەسەر رۆحی ئینسان بن، هەر چەند رۆژێک دوای رووداوەکەی 11ی سێپتەمبەر ئۆلیڤەر ساکس دەنووسێ:

"بەیانییەک لە کاتێکدا بە پاسکیلەکەم بەرەو "پارکی باتێری" پایدەرم لێدەدا، گوێم لە میوزیک بوو کە نزیک بوومەوە لە لوتکەی مانهاتن، ئەوجا دیم کۆمەڵە کەسێک خڕ بوونەتەوە و بێدەنگ دانیشتوون و واقیان وڕماوە و گوێیان لە پیاوێکی گەنج گرتووە کە وا خەریکە بە کەمانچەکەی یەکێک لە پارچە میوزیکەکانی "باخ" دەژەنێ و منیش چوومە لایان و لە تەنیشتیانەوە وەستام. روون و رەوان دیار بوو میوزیک چەشنە ئارامی و ئاسوودەییەکی ئێجگار خۆشی بۆ هێناون؛ ئارامی و ئاسوودەییەک کە هیچ وشەیەک ناتوانێ ئەو جادووەی هەبێ.

میوزیک، تاکوتەنیا دەنێو هونەرەکانی دیکەدا؛ هەم بەتەواوی ئەبستراکت و هەمیش تا ئاستێکی زۆر سۆزەکییە. میوزیک هیچ هێزێکی نییە بۆ نمایشکردن و گوزارشت لە هەر شتێکی تایبەت و دەرەکی، بەڵکو هێزێکی دەگمەن و تاقانەی هەیە بۆ گوزارشت لە هەست و دۆخی ناوەکیی ئینسان و شتەکان. میوزیک دەتوانێ راستەخۆ جەرگ و دڵت ببڕێ؛ هیچ پێویستی بە رامان و تێفکرین نییە. میوزیک وا لە کەسێک دەکا بەچڕوپڕی گوزارشت لە خەم و ئازار بکا، میوزیک لە یەک کاتدا هەم لەخەمڕەخسان و هەمیش شین و واوەیلا دێنێ."



### فرێدریک نیتچە:

فراگمێنتێک لە کتێبی (فرێدریک نیتچە: بایۆگرافیایەکی فەلسەفییانە):

"خودا میوزیکی بە ئێمە بەخشیوە کە لە سەروو هەموو شتێکەوە دەتوانێت بەرەو ئاسۆ و بالاییمان ببات. میوزیک گشت جۆرەکان یەکدەخات: دەتوانێت شکۆمان پێببخەشێت و بالامان بکات، ئاراستەمان بگۆڕێت، دەتوانێت وا بکات شاد بین یاخود دەتوانێت رەقترین دڵەکان بشکێنێت بە ئاوازە هەرە نەرمە مات و خەمینەکانی. بەڵام سەرەکیترین ئیشی میوزیک ئەوەیە بیرمان بەرەو شتە باڵاکان رابەری دەکات، بەرەو بالابوون، تەنانەت بۆ ئەوەی وامان لێبکات بکەوینە لەرزین. زۆر جار هونەری میوزیکی بە دەنگ و ئاواز زیاتر لە وشەی ناو شیعرەکان شت دەڵێت، وا دەردەکەوێت کە کۆنترۆڵی شاراوەترین شەق و درزەکانی دڵ دەکات. گۆرانی وجودمان بەرەو بالا دەبات و بەرەو چاکە و هەقیقەت پێشڕەویمان دەکات. بەهەر حاڵ، ئەگەر میوزیک تەنها وەکو لادانێک یاخود وەکوو شتێکی خۆدەرخەری باتڵ و پووچ شتێک پێشکەش بکات، ئەوا ئەو کاتە شتێکی بەدکار و زیانبەخشە." نیتچە ئەم دێڕانەی سەرەوەی پاش دوو مانگ لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی چواردە ساڵانەی خۆی نووسیوە. بەڵام دواتر و لە جێیەکی دیکەدا و لە کتێبی (تاریک و رۆشنی بتەکان- 1889)ـدا میوزیک نەمر دەکات و دەنووسێت: "بەبێ میوزیک ژیان هەڵە دەبوو."

